# چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منالآنی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو

## (وەلآمێك بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

### بەشی پێنجەم

عەلی مەحمود محەمەد



چەند دیمەنێك لە چیایی بوونی مارکسییەکان

## مارکسییەت ئایدۆلۆجییای قۆناغی خەباتی شاخ

بەلاتانانەوە سەیر نییە ئەگەر ئایدۆلۆجیای سەردەمی شاخ و قۆناغی شار جیا بن لە یەکتر, ئەبێت جیاوازی چی بێت لە نێوان ئایدۆلۆییای سەردەمی ئۆپۆزسیۆن بوون و ئایدۆلۆجییای سەردەمی دەسەلآتدارییەتی , یاخود جیهانبینی سەردەمی شاخ و جیهانبینی دەسەلآتدارییەتی لە شار , ئایدۆلۆژییای قۆناغی خەباتی چەکداری و ئایدۆلۆجیای قۆناغی دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەلآت ؟؟؟ . ڕاستە زەمینەو شێوەی تێکۆشان لەو دوو قۆناغەدا بە تەواوی جیان لە یەکتر , لە ئێش و ئازارەوە بۆ قوربانی دان , لە ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتی , لە پراتیك و شێوازی تێکۆشان , بەلآم ئەم جیاییە ئەوە ناگەیەنێت بۆ هەر قۆناغێك ئایدۆلۆژییاو بیروباوەڕێك بەکردن بدرێت .

با پێکەوە سەرنجێك لەم پەرەگرافە لە نوسینەکەی بەڕێز مەلا بەختیار بدەین بزانین سەبارەت بەم پۆلێن کردنە چیمان بۆ دەنوسێت چۆن قەناعەتمان پێ دەکات :-

(سەرکەوتن و حوکمڕانییەتی و ئیدارە , سەراپا جیاوازی لە سەردەمی شاخ . لە شاخدا بیروباوەڕی چەپ و شۆڕشگێڕییەتی زۆر گرنگە .بەلآم لە شاردا وا نییە .لە شاردا و زانست , تەکنەلۆژییا,ئیدارە,نەخشە,پلانی ئابوریو سەرمایەگوزاری و دیپلۆماسییەت, ڕوناکبیری و ئازادی و مەدەنییەت و ئەقلآنییەت .... تاد ئەوانە گرنگن . **3440** ك ن **5-7-2004**).

**لە بەشی پێشوودا ئەوەم دەرخست ئەو دەستەواژانەی بەڕێز مەلا بەختیار لەنوسینەکانیدا ڕیزیان دەکات زۆرییان پەیوەندییان بەیەکەوە نییە و ناتوانن ڕستەی مانا دار دروست بکەن , تەزبێح هۆنینەوە چۆن پێویستە هەموو دەنکەکانی لە شێوەو قەوارەو پێك هاتە هاوتای یەکتر بن , ڕستەش هەر وایە , پێویستە ووشەکانی مانای یەکتری تەواو بکەن , ئەگەر وا نەبێت ئەوا ئەو پێکەوە گرێدانە ڕستە نییە , ڕستەش تەواو نەبێت مانا نادات بە دەستەوە , ڕستەیەکیش مانای نەبوو ناچێتە قالبی نووسینەوە .**

**لەم پەرەگرافەدا کاك بەختیار پاساو بۆ مارکسی بونی ڕابردوی خۆی و ڕێکخراوەکانی پێشتری دەهێنێتەوە , هاوکات بەلگەو بەهانەش بۆ واز هێنانییان لە مارکسییەت پێشکەش دەکات , قەناعەتمان پێ دەهێنێت , بەوەی بۆ سەردەمی شاخ و قۆناغی**

ئۆپۆزسیۆن بوون و خەباتی چەکداری , چەپێتی و مارکسی بوونەکەیان پێویست بوو , ئایدۆلۆژییای مارکسیەت نەبوایە ناتوانرا ئەو بارە قورسەی تێکۆشان , لەو ڕۆژگارە سەختەی خەبات , بیروباوەڕ ئایدۆلۆژییاکان دیکە هەڵیگرن , بۆیە چۆن هانایان بۆ چەك برد , بە هەمان شێوە هانایان بۆ بیری مارکسییەت وەك چەکێکی کاریگەری سیاسی شۆڕشگێر برد , بیروباوەڕی قوربانی دان و ڕۆژانی سەختی تێکۆشانە . ئەمەش لە خۆیدا تەسکییەکی سەربەرزانەیە بۆ شۆڕشگێڕ بوونی بیری مارکسیزم , لە کەسێکەوە ئێستا نازانیین تا چەند باوەڕی پێی ماوە ؟؟ . قەوارەو ئاستی خزمەتی بیری مارکسیزم دەرەخات , بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئەو قوربانییانەی لەو پێناوەدا بە ناوییەوە پێشکەش کراوە . دەیسەلمێنێت لە قۆناغی ژێر دەستەیی و چەوساندنەوەدا بیری مارکسیزم فریای نەتەوە ژێر دەستەکان و وولاتە داگیرکراوەکان دەکەوێت , دەستییان دەگرێت بۆ ڕزگار بوونییان لە ژێر دەستەیی و داگیرکاری , چرای ڕێگای تێکۆشانییانە بۆ کۆتایی بە ستەم و چەوساندنەوە , لەم بوارەدا کاریگەرترین چەك بووە , هەر واش دەمێنێتەوە . مارکسییەکان مۆرکی خۆیان ناوە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستانەوە لە هەموو پارچەکاندا , لە هەموو تەوژمە سیاسییەکان دیکە زیاتر قوربانییان بۆی داوە .

بەڵام ئەوەی لێرەدا سەیرە ئەوەیە , کاك بەختیار چەپ و مارکسیییەکان جیادەکاتەوە لەو چەمك و دەستەواژانەی بەکارییانی هێناوە لە ووتارەکەیدا وەك: شارستانییەت , مەدەنییەت , کۆمەڵگەی مەدەنی , سەرمایەگوزاری , پیشەسازی و ئازادی , .... . لێرەدا ئەوە دەرەکەوێت مارکسیەت لەگەڵ کرۆکی ئەم چەمکانە هاوتەریب نەیەنەوەو دژ بە یەکتری بن و لەگەڵیا نا نەتەبا بن , هیوادارم وا نەبێت , بەڵام وا خۆی دەرەخات و مانا دەدات بە دەستەوە , لە کاتێکدا هەموو ئەو دەستەواژانە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنیتەن و مارکسییەکانیش بۆچونی خۆیان هەیە لەسەری , چ ئەوانەی زوو کران , یاخود ئەوانەی تازە دەکرێن و کاك بەختیار ئاگای لە کەمییانە .

مافی خۆمانە ئەم پرسیارە بکەین , ئایا لە بەرنامەی ڕێکخراوەکانی ڕابردووی کاك بەختیاردا هاتبوو مارکسیەت ئایدۆلۆژی قۆناغی شاخە و دوایی سەرکەوتن ئەم ئایدۆلۆژیایە دەگۆڕێن , دانەیەکی نویێ بەکردنە درێت بۆ قۆناغی دەسەڵاتدارییەتی ناو شار؟؟ . واتە پۆشینی بەرگی مارکسییەت تەنها بۆ قۆناغێکە , هەر ئەو قۆناغ و سەردەمە کۆتایی هات ئەو بەرگە فڕیێ دەدرێت و یەکێکی دەپۆشرێت ؟؟؟ .

ئایا ئەم پرسیارەیان خستە بەردەم ئەو هەموو شەهیدەی بە ئاواتی یەکسانی و دامەزراندنی سۆسیالیزمەوە سەرییان نایەوەو گیانییان بەخت کرد ؟؟؟ .

ئەگەر بانگەشەی خەبات بۆ ڕزگاری هەژاران و مژدەی بەرپاکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگەدا پاش بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات نەبوایە , کاك بەختیار و بەختیارییەکان دەیانتوانی ئەو هەموو هەژارانە کۆ بکەنەوەو بیانکەنە قوربانی بزووتنەوەیەك لەگەڵ سەرکەوتندا ڕێگایەکی دیکە بە پێچەوانەی ویست و ئاوات و ئامانجی ئەوان بگرێتە بەر ؟؟؟. دنیایەك بە دیاری بهێنێت تەواو پێچەوانەی ئاوات و ئامانجەکانییان بێت .

یەکێتی پێش ڕاپەڕین و گەڕانەوە بۆ شار , بەرگی مارکسیزم بوونەکەی خۆی لە قاسمە ڕەش , بە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینا , لەبەر خۆی ونجڕ ونجڕ کرد , نەك لەگەڵ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە شار پاش ڕاپەڕینەکەی خەڵکی کوردستان, لە بەر خاتری شارستانییەت وشۆڕشی پیشەسازی و ئازادی و مافی ژنان .

لەگەڵ ڕوخانی دیواری بەرلینا , گفتو گۆ گەرم بوو لەناو ڕیزەکانی ڕێکخستنەکی کاك بەختیار بۆ لە کۆڵ خۆ کردنەوەی کەوڵی مارکسیزم , کە ڕۆژگار و سەردەم هەڵگرتنی گران کردبوو . کاك بەختیار لەو کاتەدا داخوا چەند ڕەخنەی توند و تیژی لەو هەنگاوە گرتووەو هەڵای لەسەر سازکردووە . بەڵام بۆ من ئاساییەو جێی ڕەخنە نییە , نابێت هیچ ئایدۆلۆژی و جیهانبینییەك بە زۆر بەسەر هیچ کەس و لایەنێکی سیاسییدا بسەپێنرێت , بەرگێك بەزۆر بپۆشرێت قەت لەگەڵ جەستەدا ڕاستگۆ نابێت , بیروباوەڕ و میتۆدێکی سیاسیش بە مۆدێل و ناچاری هەڵگرترێت قەت بۆ ئامانجەکانی خۆی وەفادار نابێت , تا زوو لەبەر

خۆی داکەنێت ئەوەندە قازانجە بۆ بیروباوەڕەکە . کەواتە ئەوە شاخ نەبوو ڕەونەقی دابوو بە مارکسییەت و وای کرد کاك بەختیارەکان بەرگەکەی بپۆشن و کاسکێتی ئەستێرەداری جیڤارایی لەسەر نێن , بەڵکە ئەو سەردەمەی ئەوان لە شاخ بوون , مۆدەی ئەو پۆشاك و کاسکێتە بوو لە ئاستی جیهاندا . سەردەمەکە پێویستی دەکرد و مۆدەی باوی سیاسی ڕۆژگار بوو , سور نەبوایە لە بەرەی شۆڕش جێگەی نابوەوە , نەك شاخ و قۆناغی تێکۆشان . ئەگەر سەردەم هەمان سەردەم و هەلومەرجی جیهانی وەك ئەوکات بوایا ئەوا مارکسییەت ئەمڕۆ دەبووە ئایدۆلۆژییای شاری شاران !! , بەرنامەی ئابوری فول سۆسیالستی نەبوایە , دەتان فەرموو کوردستان تالآنە کرێت و ئابوریش وێرانە بێت . مارکسییەت دەبووە ئایدۆلۆژییای تاقانەی دەسەلآتدارییەتی لە شار و ڕێگە بە هیچ باوەڕێکی زیان بەخش نادرا ئەسپی ئایدۆلۆژی خۆیان تاو دەن لە کۆمەڵگەدا , ئەوەشی وەك ئێوەی بیر نەکردایەتەوە , دەتان فەرموو مارکس گۆڕ هەڵکەنە تەحریفییەکان ببینە , گۆڕی مارکس دەبووە دادوەر . باشترین بەڵگەش بۆ شاری بوونی مارکسیزم ئەوەبوو مارکسییەت باوەڕی بە سەرکردایەتی چینی کرێکار هەیە , ئەو چینەش تەنها لە شاردا دەستە کەوێت . لە کارخانەکانی نانە قەیسیش بە دروستکردنمان بدایە , پرۆلیتارییای هاوچەرخمان بۆ سەرکردایەتی شۆڕش بە کردن دەدا , تا دروستی بیروباوەڕەکەمان بسەلمێنیین و بە ناوییەوە حوکم بکەین و سۆسیالزمێکی عاجباتی بنیات بنرێت .

لە بۆچونەکەی کاك بەختیارەوە ئەوە دەر دەکەوێت مارکسییەکان ئاگایان لە شارستانییەت و سەرمایەگوزاری و ئازادی و مەدەنییەت و پیشەسازی و دیپلۆماسییەت .... نییە و قەتیش نابێت و تا دنیا دنیایە پەی پێ نابەن , چونکە ئومێدێکی بچوکی پێیان بوایە ئەو بەرگە خوێناوییەی بە سانایی لەبەر داناکەند , کە قوربانی زۆری بۆ داوە .

مارکسییەکان نیین یەکەمجار چوونە سەرمانگ و بۆمبی ئەتۆمییان تەقاندەوە , دروشمی بە کارەبا کردنی وولآتییان بەرز کردەوە , لەکاتێکدا پاش 14 ساڵ لە سایەی دەسەلآت و شارستانییەت و سەرمایەگوزارییەکەی کاك بەختیاردا کارەبا 14 دەقەیە لە کوردستان لە 24 کاتژمێردا . ئەوان نیین چەندین قوتابخانەی فکری وەك فرانکفۆرتییان بەرهەم هێناوەو دەیان فەیلەسوفی وەك ئالتۆسێرو سارتەر و ..... کەڵکییان لە جیهان بینییەکەیان وەرگرتووە , دەیان کەڵە نووسەرو سیاسی وەك لینیین و بوخارین و بلیخانۆف و مایکۆفسکی و ... بەرهەم هێنا , دەیان ئەدیبی گەورەی وەك برێخت و بابلۆنیرۆداو نازم حیکمەت و گۆران و .. دەیان هەزار قەڵەم بەدەستی کە ئەم بیروباوەڕەیان هەبووە و تا دوا چرکەی ژییانییان تا ڕادەی پەرستن باوەڕییان پێی بووە , سەرمایەی مارکس لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا دەخوێنرێت .

یەکێك نەزانێت کوردستان لە سایەی ئەم گۆڕانکارییە فکرییانەی پاش لەبەر داکەندنی مارکسیزم بەسەر دەسەلآتدارانییا هاتووە , بۆتە ئازمایشگای بە پراتیککردنی ئەو دەستەواژانەو شۆڕشی پیشەسازی کوردستانی کردووە بە هۆنگ کۆنگ , بازاڕی کوردستانیش بۆتە سەرنج ڕاکێشترین پنتی جیهانی بۆ بەکار خستنی سەرمایەگوزاری ناو خۆو دەرەوە , پیشەسازیش وا پێ گەیووە لە عەلاگەی لایلۆن زیاتر بەرهەم نەهێنێت , ئەویش تەنها ڕەنگە ڕەشەکەی , کەی توانرا عەلاگەی سپی لە سایەی پرۆژە ئابورییەکانی کاك بەختیار لە کوردستان بەرهەم بهێنرێت , ئەوجا با کاك بەختیار ئەو ڕەخنانە لە مارکسیزم بگرێت .

نازانم کاك بەختیار دەتوانێت ئامارێکم بداتێ لەسەر سەرمایەگوزاری دەرەوە لە کوردستان و ڕێژەی ئەو لە کۆی سەرمایەگوزاری دەرەکی لە جیهاندا ؟؟؟.تا بزانیین چەندێك بە شارەزایی خۆیان کەڵکییان لەو چەمك و دەستەواژانە وەرگرتووە , چۆن گۆڕانکارییە فکرییەکانییان بە قازانجی خەڵکی کوردستان تەواو بووە , کەی توانرا بە ئەندازەی لۆلا(ئەو کرێکارە بەرازیلییە نەخوێنەوارە ) کارامە بن لە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت ئەوجا دەڵێم سەدەقت , خۆتان وەك لۆلا بە دەست مارکسیزم و چەپگەراییەوە نەفەوتاند . نازانم تەنها مارکسییەکانی کوردستان کێویین و بە کەڵکی شارو بەڕێوەبەرایەتی نایەن , یان مارکسییەت وەك ڕێبازی سیاسی ئەڤیونێکە بۆ بیرو هۆشی مرۆڤایەتی ؟؟؟ , هەوادارانی خۆی دەبەنگە کات . ئاساییە گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێت . مارکس و ئەنگلز و دەیان ئابوری زانی وەك ئۆسکار لانکە وبیتڵهایم و سەمیر ئەمین وپول

**سیئۆزی گێل و کەنەفتەن و ئاگایان لەو ئابورییە نییە ئایدۆلۆژییای شارنشینی لە کوردستان بەرهەمی هێناوە . ئەگەر مارکسییەکان لەگەڵ شارستانییەت و ڕۆژگاردا نەیەنەوە , ئەوا مارکسیش کە باوکی ڕوحی جیهانبینییەکەیە دەبێت هەروا بوو بێت , بە هەڵە کرایە گەورەترین بیر مەندی هەزارەی دووەم , پێنوسەکەی ئەو نەبوو , سەدان ملیۆنی کردە هەواداری خۆی و بە ملیۆنان لە ژاپۆنەوە بۆ شیلی بە ئێستاشەوە لەو پێناوەدا گیانییان بەختکرد و دەیکەن , ئێستاش لە پەرلەمانی ئەوروپادا لە کۆی 732 پەرلەمانتار 53یان پەیڕەو لەو میتۆدە سیاسییە دەکەن ئەو پایەکەی دانا , لە ژاپۆن و کەنەدا , بەرازیل و شیلی و باشوری ئەفریقا ,....... هتد ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان دەنگ بە میتۆدەکەی دەدەن , لە لەندەن خەڵکی ئەم شارە مارکسییەك دەکەنە پارێزگاری خۆیان . ئەوە مارکسییەکان نیین ساڵ لە دوای ساڵ نۆبڵ دەدورنەوەو لە هونەردا قوتابخانەو ڕێبازی تایبەتییان داهێناوە !! .**

مارکسییەت بۆیە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی شار ناشێت , لەبەر ئەوەی ڕێگا بە دەوڵەمەند بوونی بەرپرسان و چەوساندنەوەی کرێکاران و جوتیاران و ژنان نادات , ڕێگرە لەبەردەم حەزە کەسایەتییەکانی بەرپرسان , لە پێناو ئامانجی کۆدا خەبات دەکات , ئارەزووەکانی تاك لەناو بەرژەوەندی کۆ زیندانی دەکات .

کاك بەختیار ئەگەر پێی وایە مارکسییەکان لەسەر ئەو دەستەواژانە هیچییان نەووتوە یان نەنوسیووە , یاخود هیچییان پێ نییە , دەتوانێت هەرچی کاغەز شك دەبات بەکاری بهێنێت بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلەبەرانە , ئێمەش لە دەست خۆشی زیاتر هیچی تری پێ نالێین , بەڵام سەردەمی ئەوە تێپەڕیووە بە تەنها دوو هێڵی ڕاست و چەپ جیهانبینییەك بکوژێنێتەوە .

هیوادارم کاك بەختیار ئەو کەلەبەرانەی لە مارکسییەتدا هەیە لە مارکسەوە بۆ گرامشی و مەهدی عامل و حوسێن مروەو و قوتابخانەی فرانکفۆرت و دەیان بیرمەندی کە نەیان توانی تەواوی کەن ئەو ناتەواوییەکانی دەست نیشان بکات , لە مارکسییەکانیشەوە لە دەست خۆشی زیاتر وەرناگرێتەوە .